# هزرو کلتوری ئازاد، یان دەزگای سیاسی و ئیداری سست؟

## دکتور فایق محەمەد گوڵپی

یەك لە دیاردە نەگەتیڤەکانی ژیانی سیاسی و کومەڵایەتی و ئابوری کومەڵگای باشوری کوردستان سستیە، لە دوای راپەرین و هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنها لە شەڕی ناوخۆیی و دیاردەی حزبچێتیدا چالاك بووین، لە پەیرەوکردنی سیاسەتێکی نەتەوەیی دیموکراتدا، لە راستکردنەوەی ژێرخانی ئابوری کوردستاندا، لە پێشخستنی چالاکی فکری و ئەدەبی و هونەری و یەکخستنەوەی زمانی کوردیدا، تا بلێیت سست و بێ بڕوابووین. لە ئاستی سیاسەتی نەتەوەیی دیموکراتدا ئەگەرچی دەوڵەتە هەرێمیەکان و داگیرکەرانی کوردستان لە ڕووی ئەم بەرنامەیەدا ئاستەنگیان دەنایەوە، بەلآم گەلی کورد و دۆستە جیهانیەکانمان پشتگیری ئەم جۆرە ئاراستە سیاسیەیان دەکرد. دەربارەی ژیاندنەوەی ژێرخانی ئابوری کوردستان، زەمینەی لەباری هێزی کار، ئاو، خاك، ئاژەڵ و لەوەڕگەی کوردستان لەگەڵ هاوکاری ڕێکخراوە بیانیە خێرخواکان هەمووی پشتگیری لە بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان دەکرد. بەلآم ئەوەی بە بیری دەسەڵاتی کوردی و بەرپرسە حزبیەکاندا نەدەهات بوژانەوەی ژێرخانی ئابوری کوردستان بوو، ئەوەی بیری دەسەڵاتدارانی خەریك کردبوو، پاشکۆکردنی ئابوری کوردستان بوو بۆ وڵاتانی دراوسێ و ساغ کردنەوەی کالآکانی ئەو وڵاتانە بوو لە بازارەکانی کوردستاندا. لە روی پێشخستنی رۆشنبیری ئەدەبی و هونەری و فکریدا، نەك هەر هیچ نەکرا، بەڵکوو دەسەڵاتی کوردی لە چوارچێوە و ناوەڕۆکی ئەو سیاسەتە دەرنەچوو کە رژێمەکانی ناوەندی عراق دەربارەی زمان و هونەر و ئەدەب و رۆشنبیری گشتی کورد ئامادەیان کردبوو و پەیرەویان دەکرد.

ئەوانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکردن وەك دیاردەی نەگەتیف لە ناو دەرون و جەستەی ژیانی کومەڵایەتی و رۆشنبریی و سیاسیماندا تا ئەمرۆش بەردەوام دەژین، گەشەدەکەن و ئاستەنگی لە رێگەی پێشکەوتنماندا درووست دەکەن. هۆکاری ئەم دیاردە نەگەتیفانە بۆ ئەوە ناگەرێتە کە گەلی کورد و دەسەڵاتی باشوری کوردستان خاوەنی تواناکاری مادی و بەرێوەبەرایەتی و کادری شارەزا نیە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتی کوردی و تاك و کومەڵگای کوردی خاوەنی هێز و تواناکاری ورەیی (مەعنەوی) و بڕوابەخۆبوون نیە، یان خاوەنی تواناکاری ورەیی لاوازە. بۆچی پێکهاتەکانی گەلی کورد ئەم تواناکاریەیان لاوازە؟ هۆکاری ئەم لاوازیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کوردستان بە تەنها خاکەکەی داگیرنەکراوە و گەلەکەی ژێردەست نەبووە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا هزر و بریکردنەوەی گەلەکەشی داگیرکراوە و بە لارێدا براوە و تا ئەمرۆش بە گوێرەی ئەو هزر وبیرکردنەوەیە بریار و کردار و رەفتار ئەکات. راستە لە راپەریندا دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێمی بەعس لە کوردستاندا رامالران و لە شوێنی ئەوان دام و دەزگای کوردی ئاواکران، بەلآم ئەو کات و ئێستەش ئەو نەخۆشیە فکری و کلتوریانە رانەماڵران کە داگیرکەر لە ناخ و هزری تاك و کومەڵی کوردیدا ناشتنی و بە جۆرەها رێگە ئاوی دان و بە خێوی کردن، ئەو چەمکانەی کە داگیرکەران دەیانکردە بنێشتەخۆشەی ژێر زمانیان و رۆژانە ئەیانجووەوە، بچوکردنەوەی هێز و توانای گەلی

کوردبوو، شکاندنی ئیرادەی بەرخۆدان و ئیرادەی پێشخستنی تاك و کومەڵگای گەلی کوردستان بوو. ئەو دام و دەزگایانەی دوای راپەڕین ئاواکران نە بە هزری کوردی ئازاد بەخێوکران و بەڕێوەبران، نە بە هزری تاك و کومەڵگای گەلی سەردەست(عەرەب)بەخێوکران و بەڕێوەبران، بەڵکوو بە هزری تاك و کومەڵگایەکی ژێردەستە ئاواکران و بەخێوکران و بەڕێوەبران، ئەم هزرە(هزری گەلی ژێردەست) شانازی بە رابوردووی خۆیەوە ناکات و ئومێدی بە دوارۆژی خۆی نیە و ئیرادەی پێشکەوتن و بەرخۆدانی تێکشکێنراوە. من لەگەڵ ئەو کەسانەدا نیم کە دەڵێن لە بەڕێوەبردنی دەام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا تا ئێستەش کلتوری بەعس پەیڕەو دەکرێت و ئەم کلتورە بە هۆکاری سەرەکی کێشەکان و گەندەڵیەکان دەزانن، من وای بۆ ئەچم رژێمی بەعس لە کاتی حوکمرانی خۆیدا رێگەی نەداوە تاکی کورد ببێتە خاوەنی کلتورو ئیرادەی سەربەخۆ(بەکوردە بەعسیەکانیشەوە)، یەك لە بنەما گرنەگانی ئایدۆلۆژیای بەعس ئەوەبو، ئەندامەکانی خۆی بە کلتور و ئیرادەی بەرخۆدان پەروەردە ئەکرد، بەڵام رێگەی نەداوە تاکی کورد ئەم ناسنامەیە بۆ خۆی بپچرێنێت، رژێمی بەعس لە بەشی عراقی عەرەبیدا کاری جدی بۆ هەڵوەشانەوەی کلتوری خێڵەکی ئەنجام ئەدا، لە عراقی عەرەبیدا کەسێك بۆی نەبوو لە سەر بنەمای خێڵ و ناوچە لەقەب هەڵگرێت، بەڵام لە کوردستان دیاردەی چەکداری سوکی لە سەر بنەمای خێڵ و ناوچە و لەقەبی خێلەکی دامەزراند و کومەڵگای کوردستانی چەند هەنگاوێکی تر بۆ دواوە گێرایەوە. بەم شێوەیە دەبینین رژێمی بەعس بە بەرنامە کاری بۆ بەرزکردنەوەی ئیرادەی کومەڵگای عەرەب کردووە، وە کاری بۆ بێ ئیرادەکردنی تاك و کومەڵگای کوردستان کردووە، بەردەوام هەوڵی داوە لە ناو کومەڵگای عەر ەبی عراقدا کلتوری خێڵایەتی بسڕێتەوە و کلتوری نەتەوەیی شۆڤینی لە شوێنی جێگیربکات، لە کوردستاندا هەوڵی داوە کلتوری خێڵەکی زیندوو بکاتەوە و کلتوری نەتەوەیی کوردی لە رەگەوە دەربهێنێ. کەوابوو کلتوری سستی وچالاك نەبوون، کلتوری خۆبەدەستەوەدان و کلتوری زیندوکردنەوەی دیاردەی خێڵایەتی کە باڵی بەسەر بوارەکانی ژیانی گەلی کوردستاندا کێشاوە، کلتوری گەلێکی داگیرکراوی ژێردەستە کە رژێمێکی داگیرکەر سەپاندوویەتی، نەك کلتوری گەلی داگیرکەر(کلتوری بەعس) بێت وەك زۆرێك لە رۆشنبیران بۆی دەچن. دەسەڵات و تاکی کوردی تا ئەمرۆ وەك پێویست هەستی بە دیاردەی داگیرکردنی فکری خۆی نەکردووە و خۆی بۆ پاککردنەوە و ئازادکردن لە کلتور ی گەلی داگیرکراو(ژێردەست) ئامادە نەکردووە، وایزانیوە هەڵگری کلتوری داگیرکەرانە و دەیەوێت بەم کلتورەوە لاسایی داگیرکەران بکاتەوە، بەڵام بۆی نایەت، یان وادەزانێ هەڵگری کلتوری کوردی ئازادە و بەرەو کومەڵگایەکی دیموکرات هەنگاو ئەنێ بەڵام بەخت یاوەری نیە.

دەبوایە لە دوای راپەرین گەلی کورد بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، بۆخۆئازادکردن لە کلتوری گەلی ژێردەست کاری بەهەندی بکردایە، خۆئازادکردن لە کلتوری گەلی ژێردەست پێویستی بە کات و تێکۆشانی جدی و هەمەلایەنەی بەردەوام هەیە، پێویستی بە شۆرشی هزری و تێکۆشانی ئایدۆلۆژیای تاك و کومەڵگای ئازاد هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە خۆئازادکردنە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی کوردی و ناوچەیی و جیهاندیا نیە، گەلی کوردیش تا ئێستە بەو ئاستی هوشیاری و وریایە نەگەیشتووە کار بۆ تێپەراندنی کلتوری ژێردەستی خۆی بکات، دەبینین کومەڵگای کوردستان لە باری ئالۆزی و

ناجێگیریدا ژیان دەکات و ناتوانێ میکانیزمی خەباتی سەرەکی پێشکەوتن بدۆزێتەوە و بە کاری لابەلا و ناپێویستەوە کاتی زێڕینی خۆی دەکوژێت، لە باتی وەرچەرخانی هزری و فرێدانی کلتوری ژێردەستەیی ،دەزگای زیاد و بێ کەڵك ئاوادەکات، لە باتی چالاك کردنی ئەو دەزگایەنەش کە هەن تا دێت دەزگاکانی پەرلەمان و دادوەری سست و بێ بەرهەم دەکات.

ئەگەر بەراوردێکی رەوشی سیاسی دەسەلات و کومەلگای کوردستان لەگەڵ رەوشی سیاسی دەسەلات و کومەلگای عراقی عەرەبی لە دوای رووخانی رژێمی سەدامەوە بکەین، لە رووی ئاسایشەوە نەبێت، بە ئاشکرا جیاوازی لە نێوان بەرێوەبردنی دام و دەزگاکانی حکومەت و دام و دەزگاکانی کومەلگای مەدنی و سیاسی عراق و کوردستاندا بە دیدەکرێت، جێگیربوونی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە چاو ناوچەکانی تری عراق دیاردەیەکی پۆزەتیڤە، بەلام هۆکارەکەی سیاسیە و بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە تاك و کومەڵ و دەسەلاتی کوردی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە لایەنێکی داگیرکەر نابینێت و دژی ناوەستێتەوە و بە تەمایە لە ئایندەشدا لە دکتاتۆری تر بیانپارێزێت، بەلام تاك و کومەلگای عەرەبی عراقی ئەمریکا بە ولاتێکی داگیرکەر دەبینێ و بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەبینێ دژی مانەوەی داگیرکەر تێکۆشانی هەمە جۆر ئەنجام بدات. لایەنی ئاسایش نەبێت بەشە عەرەبیەکەی عراق لە هەموو ئاستێکدا لە پێشی هەرێمی کوردستاندایە و بەردەوام لە پێشکەوتندایە. ئەگەر بەراوردێکی باڵی ئیسلامی سیاسی کوردستان و باڵی ئیسلامی سیاسی عراقی عەرەبی بکەین، بە ئاشکرا ئەوجیاوازیە کلتوریەمان بۆ دەردەکەوێت. لە مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵدا(2007) هەردوو حزبی ئیسلامی کوردستانی(یەکگرتووو کۆمەڵ) لەگەڵ چەند حزبێکی تری نەتەوەیی و چەپدا، راپورتێکی رەخنەگرانەیان بۆ باشکردنی باری سیاسی و ئیداری هەرێمی کوردستان بۆ سەرکردایەتی هەردوو حزبی دەسەلاتداری هەرێمی کوردستان(پارتی و یەکێتی) بەرزکردەوە، لە ئەنجامی بەرزکردنەوەی ئەو راپۆرتەدا، وە بۆ رازیکردنی دڵی حزبە رەخنەگرەکان، دەزگایەکی تری حزبی کوردستانی پێکهات، ئەو دەزگایە کە ناوی( ئەنجومەنی بالای حزبە سیاسیەکانە)، بە پێچەوانەی یاسا و دەستوری ئایندەی هەرێمی کوردستانەوە پێکهێنراوە، دەزگایەکی زیادە و لەبەر ئەوەی بەرپرسی یەکەمی حزبە دەسەلاتدارەکانیشی تێدا نیە وەك دەزگایەکی سست دەمێنێتەوە و ئاستەنگیەکانی حزب بۆ بەرێوەبردنی کاروباری حکومەت و پەرلەمان و دادوەری کوردستان، زۆرتر دەکات و ناجێگیری سیاسی و کومەلایەتی و گەندەڵی وکێشەکانی تری هەرێمی کوردستان قورستر دەکات. ئەم حزبانە لە باتی ئەوەی کارێکی وا بکەن دیاردەکانی گەندەڵی کەم بکەنەوە، لەبەر بەرژەوەندی دەسەلاتخوازی خۆیان بە پێکهێنانی ئەو دەزگا نوێیە برێکی تر گەندەڵی زیاد دەکەن. باشترین هەڵوێستی ئەو پێنج حزبە بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی ونارەوایی دەسەلاتی کوردی، پاشەکشەیان بوو لە کابینەی پێنجەم و کارکردنیان بوو لە دەرەوەی حکومەت وەك هێزی ئۆپۆزسیۆن، بەلام ئەمەیان نەکرد لەبەر ئەوەی بە گوێرەی کلتوری گەلی ژێردەست سیاسەت دەکەن.

لە هەفتەی رابوردودا شەش وەزیری باڵی سەدری، لە هاوپەیمانی عراقی(شیعە) لە بەر چەند هۆکارێکی سیاسی بە شێوەیەکی هێمنانە لە کابینەکەی مالکی پاشەکشەیان کرد و هەڵوێستێکی جوانی دیموکراتی و شارستانیان نیشاندا، ئەم هەڵوێستە هەر کەس و لایەنێك پەیرەوی لێبکات لە خزمەتی

**پێشکەوتنی ڕەوتی دیموکراسیدایە و ئەوە دەسەلمێنێ کە دەسەڵات و دەسەڵاتخوازی لای ئەو لایەنە هەموو شتێك نیە، لە حکومەتی عراقی ناوەندیدا لە ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە تا ئەمرۆ چەندان وەزیر و بەرپرسی تری عراقی لەبەر هۆکاری سیاسی و ئەمنی لە پۆستەکانیان وازیان هێناوە، بەڵام لە کوردستانی خۆمان لەبەر ئەوەی دەسەڵاتخوازی لە هزری تاکەکانماندا زۆر بە هێزە، چەمکی بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتمان زۆر لاوازە(ئەمانەش بەشێکن لە هزر و کلتوری نەتەوەی ژێردەست) لایەنێکی سیاسی و کەسێك نابینین لە پێناوی بەرژەوەندی گەلدا لە پێناوی کەم کردنەوەی گەندەڵی و پێشخستنی سیستەمی دیموکراسیدا دەست لە پۆستەکەی هەڵگرێت، بۆ نارەزایی نیشاندان لە یەکنەگرتنەوەی ئیدارەکانی هەرێم وبۆ نارەزایی نیشاندان لە کابینەیەکی 43 چل و سێ وەزیری و بۆ نارەزایی نیشاندان لە پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای حزبە سیاسیەکان، کەسمان نەدی لە کارەکەی دەست هەڵگرێت و وەك فشارێك بۆ سەر دەسەڵات واز لە بەرپرسیارێتی خۆی بهێنێ.**

**لە ڕۆژانی ڕابوردووی ئەم مانگەدا ڕژێمی شۆڤینی تورکیا چەندان جار هەرەشەی هێرشی بۆ سەر سنوری هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە، وەڵامی لایەنی کوردی ناکۆك و لاواز بوو، بەڵام دەوڵەتی عراق بە هەموو پێکهاتەکانیەوە دژی هەر هێرشێکی سوپای تورکیاو دژی هەر دەستێوەردانێکی تورکیا لە کاروباری ناوخۆیی عراق بە توندی وەستا و هەڵوێستی نیشاندا، ئەمە چی نیشان ئەدات بێجگە لەوەی کە کومەڵگای کوردستان لە ڕووی ورە(مۆراڵ) و ئیرادەی بەرخۆدانەوە دواکەوتووە و لە کومەڵگای عەرەبی عراقی بە جیاوترە، دیارە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەلی کورد تەنها خاکی داگیرنەکراوە، هزر و شێوازی تێکۆشانیشی داگیرکراوە و ژەهراوی کراوە، بۆیە ئەوەی بۆ کورد گرنگە ڕازاندنەوەی باڵاخانە و کابینەی چل و سێ وەزیری و ئەنجومەنی باڵای حزبە سیاسیەکان و دام و دەزگا سستەکانی تر نیە ، پێش ئەوانە ئەبێ کورد بیر و هزری خۆی لە ژەهری داگیرکەران پاك بکاتەوە، ئەبێ کورد ببێتە خاوەنی کلتورێکی نەتەوەیی-دیموکراتی مرۆڤدۆستی ئازاد، ئەبێ کورد ببێتە خاوەنی هەزاران تاکی بەرپرسی چالاك و بە ئیرادە، تا ئەو دام و دەزگایانەی هەن کاریان پێ بکات و بەرهەمیان پێ بەدەست بهێنێ، ئەگەر وا نەبێت و بەم عەقڵیەتەی ئێستاوە کاربکەین چەندە هەنگاو بۆ پێشەوە بهاوین چەندە دەزگای تر ئاوابکەین، ناتوانین خۆمان لە ناو قوڕ و لیتەی چەمك و دیاردەی گەلی ژێردەستدا ڕزگار بکەین و هەر داگیرکراوین.**

2007-4-23